## لە گوند و شارۆچکەکاندا....

# بزاڤە روناکبیرییەکان هەن یان نین؟

بۆچی قورسایی داهێنانە ئەدەبی وهونەری و فیکریەکان زێتر لە نێو سەنتەری شارە گەورەکانە و کەمتر شارۆکە و شارۆچکە و گوندەکان دیاردەی داهێنانی رۆشنبیری تیادا بەدی دەکرێت, ئایا سەبارەت بەبوونی چەندین داودەزگای روناکبییریە یان هەبوونی رەگاژۆیەکی مێژوویی ئەم بزاڤە لە سەنتەری شارەکاندا لەوانەش هەبوونی کتێبخانەی زۆر و بوونی زانکۆ و کۆوەبوونی زۆرینەی ئەدیبان و هونەرمەندان لەوشارانەدایە, جا سەبارەت بەهەر هۆکارێکبێ, ئەدی نالێن لەسەردەمی گلۆباڵ (عولمە) جیاوازی نێوان شارو گوند نامێنێ.

ئەوە نیە زۆربەی گوند و شارۆکە و شارۆچکەکانی کوردستانیش پڕن لە سەتەلایت و بنکەکانی( کافی ئینتەرنێت) ئەدی باشە بۆچی خوێندەوارانی ئەو دەڤەرە جیاوازانە بۆیان نەلواوە وەکو پێویستشان لە شانی بزاڤی روناکبیری شارە گەورەکان بدەن و ئەو دەرفەتە زانستیە مەزنەی گلۆباڵ بقۆزنەوە.

بەڵێ هەبوونی چەند سەنتەرێکی روناکبیری و چەند رادیۆ و تەلەفزیۆنێکی لۆکاڵی و وەشاندنی بلاڤۆکێکی مانگانە و وەرزیانە تارادەیەك کاریگەری خۆی دەبێت بەسەر بزاڤی روناکبیری ئەو ناوچانە, بەڵام دیارە ئەم هەموو دیاردە رۆناکبیریانە وا بەسانایی نەیان توانیوە کاریگەری ئەرێنی خۆیان بەسەر هزرو توانا و بەهرەی خوێندەوارانی ئەو دەڤەرانە هەبێت، هەر بۆیەش ئەرکی سەرشانی روناکبیرانی ئەو ناوچانە و تەنانەت شارە گەورەکانیشیان بە پشتگیری دامەزراوەکانی حکومەت هاوکاری زۆری ئەو ناوچانە بکەن, وەك لە ئەزموونی روناکبیری زۆربەی گەلانی جیهان نەك هەر جاران، بەڵکو تا ئێستاش هونەرمەند و ئەدیبە داهێنەرەکان لەدەرەوەی شارەکاندا شاکارەکانی خۆیان بەرهەم دەهێنا و دەهێنن, کاتی ئەوەش هاتووە روناکبیرانی ئەو ناوچانە بەردەوامبن لە کارو چالاکیە رۆشنبیریەکانیان و کۆڕ و سیمینار بگێڕن بەدوای سەرچاوەی ئەدەبیی و هونەری بگەڕێن و وەزارەتی رۆشنبیریش بەپێی رێنمایی پێوەرەکان هاوکاری تەواوی ماددی و مەعنەویان بکات.



فەرەیدون سامان
faraydunsaman@yahoo.com